

# کۆنوێژی گومان

## بەختیار کەریم

بەم ئێوارەی تورەبوونە
لە ئەشکەوتی قەدەریتین زەمەنەوە هاتووم
تا لە سەفەرەکانی گەوجێتی بتگێڕمەوە و
سەوڵی یاخی بوونە ئاویەکەت بشکێنم
هاتووم بەر لەوەی باڵای نیشتیمان لاقەبکەیت و
لە خۆری گومانە یاقووتیەکان هەڵبێیت
چەپکێ دڵنیایی پەمەیی ببەخشیت
بە ئێوارەی تەمگرتووی منی هێمن
هێمنتر لە سەمای گەڵا بۆ کەمانی دەستی _با-
هێمنتر لە توانەوەی بەفری نیسان لە گەروو هەتاوا
بەم ئێوارەی یەقینە
هاتووم گوێ بۆ گۆرانییە سەرابییەکانی گومان بگرم

هاتوم هێشوە نیگای کەنار چاوانت بکەمە بینایی
تا لە سنورەکانی فڕین دوورتر بڕوانم
بڕوانمە ئەو مێژووە ساختەیەی
لە درۆی ئامێزی سۆزانییەک دەچێت
بڕوانمە ئەودیو ئەو دەرگا ژەنگرتوەی
لەوێوەڕا بەرەو بەهەشت دەچین
هاتووم پێت بڵێم
کە شەو داهات
تەمەڵترین پیاوی گەردون ناتوانێت
لەسەر ڕیتمی ئەم مارشە سەما بکات
گەوجترین دەرویێشی خوا ناوێرێت
بەم شمشێری لەزەتە خۆی خوێناوی بکات
هاتووم بە چرپە پێت بڵێم
چیتر ئەو فەرهەنگە مەخوێنەوە
باس لە جوگرافیای مەرگی کۆتر دەکات
چیتر ئەو سرووده مەڵێرەوە
باس لە ئەندێشە و سنوری باڵەفڕە دەکات
چیتر دەستی سۆز بە شان و ملی سروشتێکا مەهێنە
گۆڕستانی ڕۆحمانی لێیە!
چیتر لە ئاوێنەیەک ڕامەمێنە
باڵەکانی فڕینمانی پێیە

منی کەڕوکاس بەم ناوەختە گوێ بۆ درۆی فڕۆکەوانێک ناگرم
باسی لەپێکەوتنی زەمەنە سستەکانی نێو ئاسمانی وەهم دەکات
ئەی یاخیترین خانەدانی نێو دیوەخانەکانی مەرگ
هەڵهاتوو لە چەپۆکی خواوەندە دۆزەخییەکانی ڕۆژهەڵات
وەڕس لە درۆی پەیامبەرە ڕیاکارەکان
کەی دەتوانم گۆرانی خۆشنودی
بەم شەوی تاوانە بۆ ڕۆژهەڵاتیترین ڕۆحی تۆ بچڕم
کەی دەتوانم لەم کەرنەڤاڵی دۆڕانی نیشتیمانەدا
لەم گێژەنی داڕزانی وڵاتەدا
بۆت ببمە خاکی ئاهەنگە سپی پۆشەکان
بۆت ببمە نیشتیمانی ماچ و لەزەتە سەرمەدییەکان
کەی دەتوانم لەم زەمەنی لە پێ کەوتنەدا
بە پێی تفەنگە نوورانییەکانی فریشتە موزەیەفەکان ڕێبکەم

چ جەنگەڵییە ئەم ڕۆحە تاراوەی من
چ شەڕەنگێزە سروتی ئەم کۆنوێژە
بەپێی ئەهریمەنەکان لەم مەزرای دڕکەدا ڕێ دەکەم
سەگوەڕی دیوەخانە دێرینەکان گوێیەکانمی ئاخنیوە
تەمای گوێگرتنم بوو لە گۆرانی نەمری
وەلێ ڕۆحم بە مناڵی لە کاروانی هەڵکشان دواکەوت
تەمای ماچکردنی گۆنای کچە ڕۆژهەڵاتییەکانم بوو

وەلێ لێوم بە مەمکی دایکمەوە جێما

کە لە گۆڕستانەکانی خیانەت گەڕاینەوە
کە مۆڵەتمان لە دەریاوانەکانی هەوەس خواست
بێباک لە غەزەبی خوا و دەریا
تف دەکەینە ئەو دەریایانەی لە چاوی خوا دەچن
چی دی گوێ بۆ هاواری خواوەندێکی دۆڕاو ناگرین
لە پشت سەرابی وەهمەکانی یۆتۆپیاوە بانگ دەکات
لێرە
ماڵێک نیە بۆ عەشق
لێوێک نیە بۆ ماچ
چاوێک نیە بۆ گریان
بیرکردنەوەش ئەو خەنجەرەیە
بەنێو عەقڵ و ویژدانمانا ڕۆدەچێت
چی دی باکم نیە لە درۆی گشت مرۆڤایەتی
کە من خوا درۆم لەگەڵ دەکات
ئیتر وادەی خۆیەتی
گومان لە فڕینی مەل و نغرۆبوونی ماسی بکەین
نەبادا پێ ڕانەگەیین کۆنوێژی گومان
لەسەر سەکۆکانی نەفامی بکەین
بەسەرچوو
زەمەنی ماچە ئەفسوناویەکانی گۆنای دایکمان بەسەرچوو
بەسەرچوو

زەمەنی خوێندنەوەی قەسیدەی قافیەداری باپیرانمان
بەسەرچوو
وەلێ دارزا
ئەو گەروانەی گەرەکیان بوو گۆرانی کچێنی
بۆ جەبەروتی پیاوەتیە برشت لێ براوەکان بچرن
بێهودەیە
پف کردن لە چرای ئەو دیوەخانانەی
باهۆزەکانی کوفر بۆی خامۆش نەبوو
بێ هودەیە
سروتی ئەم کۆنویژە بۆ ئێمەیەک
زەمانێک باپیرانمان بت پەرست بوون

پاییزی 1999

bakhtyarkarim@hotmail.com